# سوورەی دوخان: دووکەڵ ۵۹ ئایەتە

**سوورەی دوخان لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۵۹ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.
حا، میم ﴿۱﴾ سوێند بەم کتێبە ڕوونکەرەوە ﴿۲﴾ بەڕاستی ئێمە ئەم قورئانەمان لە شەوێکی
پیرۆز (شەوی قەدر)دا ئێمە ناردوومانەتە خوارێ، بەڕاستی ئێمە ترسێنەر بووین ﴿۳﴾ لەو
شەوەدا هەر فەرمانێ بە پێی لەکارزانی خوا لێک هاوێر و جیا دەکرێتەوە و بەیان ئەبێ ﴿۴﴾
فەرمانێکە لە لایەن ئێمەوە، بەڕاستی ئێمە نێنەری (محەمەد و هەموو پێغەمبەران و کتێبی
ئایینین) ﴿۵﴾ ئەم کارە بەزەیی و ڕەحمەتێکە لە ئاڵی و لە لایەن پەروەرێنەرتەوە، بەڕاستی
هەر ئەویشە بیسەر و ئاگا ﴿۶﴾ پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەم
دووانەدایە، ئەگەر یەقیندار بن ﴿۷﴾ هیچ خوایێ بێجگە لەو نییە، زیندوو دەکا و دەمرێنێ،
پەروەرێنەری ئێوە و پەروەرێنەری باووباپیرانتانە ﴿۸﴾ بەڵکوو ئەوانە لە دوودڵیدا گەمە دەکەن
﴿۹﴾ جا چاوەڕوانی ڕۆژێ بە کە ئاسمان بە ئاشکرا دووکەڵ دێنێ ﴿۱۰﴾ هەموو خەڵک
دادەگرێ، ئەمە عەزابێکی دەردوایە ﴿۱۱﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئەم پەتا و ئازار و
عەزابە لە ئێمە دوور بکەوە کە بەڕاستی برواهێنەرین ﴿۱۲﴾ چلۆن و لە کوێ پەند ئەگرن، لە
حاڵێکدا بە هەقیقەت پێغەمبەرێکی ڕوونکەرەوە و دیاریدەریان بۆ هاتووە ﴿۱۳﴾ لە پاشان
ڕوویان لێ‌سووڕاند و وتیان: شێتێکە (ئەم شتانەی) فێرکراوە ﴿۱۴﴾ کەمێ ئازار لادەبەین،
بەڕاستی ئێوە دەگەڕێنەوە سەر ئایینی خۆتان ﴿۱۵﴾ ڕۆژێ ئەوانە بە عەزابی سەخت دەگرین،
بەڕاستی ئێمە تۆڵەئەستێنین ﴿۱۶﴾ بە هەقیقەت بەر لەوانە هۆزی فیرعەونمان تاقی کردەوە،
پێغەمبەرێکی کەریمیان هاتە لا ﴿۱۷﴾ کە بەندەکانی خوا (بەرەی ئیسرائیل) بە من بسپێرن،
من بۆ ئێوە پێغەمبەرێکی ئەمینم ﴿۱۸﴾

دکتور سا لح ئیبر اهیمی



لە ڕاست خوادا خۆتان زل مەکەن، کە بەڕاستی من بۆ ئێوە بەڵگەیەکی ڕوونم هێناوە ﴿١٩﴾
بەڕاستی بە پەروەرێنەری خۆم و پەروەرێنەری ئێوە پەنام بردووە لەوە کە (تاوانم لێبدەن و
بەردبارانم بکەن و بمکوژن ﴿٢٠﴾ ئەگەر بڕوام پێناهێنن، جا کارتان بە من نەبێ ﴿٢١﴾ جا
(مووسا) هاواری لە پەروەرێنەری خۆی کرد، ئەوانە هۆزێکی تاوانبارن ﴿٢٢﴾ (دەستووری پێ
درا) بەندەکانی من بە شەو بەرە، ئەوانە بە دووکەوتووانی ئێوەن ﴿٢٣﴾ بە ئارامی لە زەریا کە
بپەڕەوە، ئەوانە سپایەکی نوقمکراون ﴿٢٤﴾ چیها باغ و کانیاویان لە باش بەجێما ﴿٢٥﴾
کشتوکاڵ و سەرسەرای بەنرخ خانووی چاک (یان بەجێهێشت) ﴿٢٦﴾ ناز و نیعمەتی زۆر
کە لەودا نوقمی شادی بوون و لەوپەڕی خۆشیدا دەژیان ﴿٢٧﴾ بەمجۆرە بوون و ئێمە ئەو ناز و
نیعمەتانەمان بە میرات بە خەڵکی تردا ﴿٢٩﴾ بە هەقیقەت ئێمە بەرەی ئیسرائیلمان لەو
ئازاری پڕلە سووکایەتییە ڕزگار کرد ﴿٣٠﴾ لە (دەس) فیرعەون، ئەو لەو کەسانە بوو کە
خۆبەزلزانینی لە ڕادە تێپەڕاندبوو ﴿٣١﴾ لە ڕووی زانستەوە ئەوانمان لە نێو خەڵکدا هەڵبژارد
﴿٣٢﴾ نیشانەگەلێکمان بەوان دا ئەوەی لەواندا ئەزموونی ئاشکرا هەبوو (بەڵام ئەوان
کوفرانیان کرد و سزا دران) ﴿٣٣﴾ خوانەناسان ئێستا دەڵێن: ﴿٣٤﴾ مەرگی ئێمە تەنیا مەرگی
یەکەمە، قەت زیندوو ناکرێینەوە ﴿٣٥﴾ ئەگەر ڕاستبێژن باووباپیرانمان (زیندوو بکەنەوە و
بیانهێننە لای ئێمە ﴿٣٦﴾ ئاخۆ ئەوانە باشترن یا هۆزی توببەع و پێشینەکانیان (توببەع
سەرناوی هەندێ لە پاتشاکانی باشووری عەرەبستان بووە و ئەبوکەرەمی حومەیری شای
یەمەن کە دەیویست مەدینە وێران بکا) و کەسانێ کە بەر لەوان بوون، ئەوانمان لە نێو برد، و
قڕیان تێخستوون چونکا ئەوانە تاوانبار بوون ﴿٣٧﴾ ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە
نێوان ئەم دووانەدایە بێئامانج بەدیماننەهێناوە ﴿٣٨﴾ ئەو دوانەمان بەدینەهێناوە مەگەر
بەڕاستی و بەرهەق، بەڵام زۆربەی ئەوانە نازانن ﴿٣٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ڕۆژی هەڵاواردن و جیایی (ڕاست لە ناڕاست و حەق لە ناحەق) ژوانگە و بەڵێنگەی هەموویانە ﴿۴۰﴾ ڕۆژێ کە هیچ دۆستێ بۆ دۆستێ خۆی سوودی نابێ و (لە هیچ لایەکەوە) یارمەتی نادرێن ﴿۴۱﴾ مەگەر کەسێ کە خوا بەزەیی پێبکا، خوا فرە بەدەسەڵات و دڵاوێنە ﴿۴۲﴾ بەری داری ژەقنەمووت: زەقووم (تاڵ و تفتە) ﴿۴۳﴾ خواردن و خۆراکی تاوانبارانە ﴿۴۴﴾ هەروەکوو ئاسنەواڵەی تواوە یا خلتەی ڕۆن زەیتوون یا قەتران لە زگیاندا ئەکوڵێ ﴿۴۵﴾ هەروەکوو کوڵانی ئاوی داغ ﴿۴۶﴾ ئەم تاوانبارە بگرن و ڕایکێشن تووری هەڵدەنە نێو دۆزەهـ ﴿۴۷﴾ لە پاشان ئاوی سووتێنەر و داغی بەسەرا برێژن ﴿۴۸﴾ بچێژە تۆ کە لە دنیادا فرە بەدەسەڵات و هێژا بووی! (بە گومانی خۆت) ﴿۴۹﴾ ئەم (ئازارە) ئەو شتەیە کە هەمیشە لێ دوودڵ بوون ﴿۵۰﴾ خۆپارێزان لە شوێنێکی ئەمندان ﴿۵۱﴾ لە نێو باغەکان و کانیاوەکاندا ﴿۵۲﴾ ئەوانە جلکی لە هەورێشم و حەریری ناسک و ئەستوور لەبەر دەکەن و لە ڕاست یەکتر دادەنیشن ﴿۵۳﴾ بەهەشتیان ئا بەمجۆرەن و کیژی چاوکەژاڵی سپیوسۆڵمان بۆ زەوجاندن و کردمانە هاولفیان ﴿۵۴﴾ هەر جۆرە میوەیەک کە بیانەوێ بە ئارخایەنی و ئاسوودەیی و خاترجەمی دەخوازن و لەوپەڕی ئارامی و بێوەییدان ﴿۵۵﴾ بێجگە لە مردنی یەکەم (لە دنیا چەشتوویانە)، مەرگێتر ناچێژن و خوا لە عەزابی دۆزەهـ دەیانپارێزێ ﴿۵۶﴾ (ئەمە) بەخشش و فەزڵێکە لە پەروەرێنەرتەوە، ئەمە سەرکەوتێکی گەورەیە ﴿۵۷﴾ ئێمە ئەم قورئانەمان بە زمانی تۆ ئاسان کرد تا بەڵکوو ئەوانە بیر بکەنەوە و ئامۆژگاری و پەندبگرن ﴿۵۸﴾ جا تۆ چاوەنواڕ بە و ئەوانیش چاوەڕوانن ﴿۵۹﴾

## سوورەی جاسیە ۳۷ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi